ئێران دانوستانی ناڕاستەوخۆ کردووتەوە لەگەڵی کۆنامەی جەراوجەرەوە لەگەڵ ئەمریکا

وەزیری دەرەوەی ئێران دەڵێت: سیاسەتی هوونمان ئەوەیە کە لەژێر زەرترین گوشار و هەڕەشەی کە هەموو ڕەژێک دەخرێتە سەرمان، ناچینە ناو دانوستانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا.

عەباس عەراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران لەکاتی بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەی بارگای نەورۆزی مانگی سووری ئێران، لە وەڵامی پرسیارێک سەبارەت بە دانوستان لەگەڵ ئەمریکا، وتی: ئەمە لەژێر و ئەوپەڕی گوشار و هەڕەشە کە ڕەژانە دەکرێت، ناچینە ناو دانوستانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا و ئەمە سیاسەتی ڕوونی ئەمەیە تا گەڵانکاری لە ڕوانگەی لایەنی بەرامبەر ئێران و گەلی ئێران هوو نەدات.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا وتیشی: لەگەڵ ئەو تەمەتانەی کە ڕەژانە لەلایەن ئەمریکییەکانەوە دژ بە ئێران دەکرێت و ئەو سیاسەتانەی کە ڕەژانە ڕادەگەیەنرێن و ئەو داواکارییە ناعەقڵانی و قبووڵنەکراوانەی کە ڕەژانە دەخرێنەوو و داوای دەکرێن، ئەمە ناچینە هیچ دانوستانێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ لایەنە ئەمریکییەکان، "بەگومان ڕەگە بە دانوستانی ناڕاستەوخۆ کراوەیە و ئەگەری ئەوەمان هەیە لە ڕەگەی کۆنامەی جەراوجەرەوە ئەو کارە بکەین".

عەراقچی جەختی کرد، کە ئامانج و ئەرکی ئەمە بەدیهێنانی بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئاسایشی وڵات و خەڵکی ئێرانە و لەم بوارەشدا هیچ دەرفەتێک لە دەست نادەین.